# ساڵنامەی باوزێ

بڵاوکراوەیەکی مێژوویی، ئەدەبی، کلتوری و رۆشنبیری گشتییە
(٥/١)ی هەموو ساڵێک بەبۆنەی رۆژی باوزێ دەردەچێت
ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٧٢٣)ی کوردی




بەهارەگەشتی رۆژی باوزێ لە گۆڕەباوزان، ساڵی ٢٠٢٢

زەوی باوزیان لەهاوینەهەواری باژاڕ

وەرزش و خەڵکی گوندی باوزێ

کورتەیەک لەژیانی کاکەمەم شێخە، کەسایەتی و ریشسپی باوزێ

# وێنەی کۆمەڵێک خوێندکارو مامۆستای
# گوندی باوزێ ساڵی (٢٠٠٢ز)




**ژمارە (٢)**
**١١ی بانەمەڕی ٢٧٢٣**
**١ی ئایاری ٢٠٢٣ز**

**خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەر**
**عومەر ئیسماعیل مارف**

**دیزاین/ هادی هونەر**
**چاپخانەی ئانا - قەڵادزێ**

**بەسوپاسەوە لەسەرئەرکی کاك سەلاح حاجی سلێمان چاپکراوە**

# سەروتار



### سەرنووسەر

بەخۆشحاڵییەوە ئەمساڵیش بۆ سەیرانەگەشتی ڕۆژی باوزێ توانیمان ژمارە (٢)ی ساڵنامەی باوزێ چاپ و بڵاوبکەینەوە، لەم ژمارەیەداو لەسەرداواکاری خۆمان، چەند نووسەرێکی بەڕێزیش بەوتارو ئامادەکردنی بابەتی جۆراوجۆر ساڵنامەکەیان دەوڵەمەندترکردوە. هاوکات، برای بەڕێز کاک سەلاح حاجی سلێمان، کە بەردەوام هاوکارو پشتیوانی سەرخستنی کارەکانمانە، ئەمجارەش دەستی نەنابەڕومانەوەو تێچوی چاپکردنی ساڵنامەکەی گرتەئەستۆ، سوپاس بۆ دڵسۆزی و خەمخۆریان.

بەپێویستی دەزانم لێرەوە دەستخۆشی لەکاک سلێمان حاجی وسوو خاتو شلێر میرزامحەمەد بکەم، کە پارساڵ بەهەوڵ و دڵسۆزی کاک سلێمان و لەسەرخەرجی سندوقی کۆمەك و هاوکاری هاوڵاتیانی باوزێی دانیشتوی وڵاتانی ئەوروپا، بەئامێری شۆفڵ شوێنی دانیشتن، پشودان و حەوانەوەی گەشتیاران چاککرا، هەروەها لەسەرخەرجی شلێرخان و چەند خزم و خەمخۆرێکی دیکە، بیری ئیرتیوازی هەڵکەنراو شوێنی نوێژکردن دروستکرا، لەم پێناوەشدا ماندوبوون و دڵسۆزی گەنجان و خزمانی دانیشتوی باوزێ لەتەواوکردنی کارەکان مایەی ڕێزو پێزانینی زۆرە.

لەکۆتایدا، هیواخوازم بۆ ساڵانی داهاتوو پڕۆژەی "ئاشتکردنەوەی باوزێ" رابگەیەنین، بەمەبەستی دووبارە دروستکردنەوەی خانوەکان لەسەرشێوازە ڕەسەن و کلتوریەکەی خۆیان. دڵنیام بەوهۆیەوە لەداهاتوودا ناوبانگ و تایبەتمەندێتی گوندی باوزێ، سەرنجی هەزاران گەشتیارو زۆرێك لەسیناریست و کۆمپانیای بەرهەمهێنی فیلم، دراماو کلیپی گۆرانی بەلای خۆیدا رادەکێشێت.

# زەوی باوزیان لەهاوینەهەواری باژاڕ



مەحمود عومەر

باژاڕ[1] شوێنێکی سازگارو بەمێرگ و مێرخوزارەو چەندان سەرچاوەی کانی بەناوبانگی هەیە، دەشتێکی پان و بەرینیشە، کە باشترین بەرهەمی وێنجە، تەماتە، پەتاتەو پیوازی لێبەرهەمدێت، چەندان رەزی ترێ و باخی سێو، هەڵوژە، قەیسی و خۆخی لێیە. جگەلەوەی شوێنێکی گەشتیاریش بووە بۆ خەڵکی باوزێ و گوندەکانی دەوروبەری، کە هەموو بەهاران خەڵك روویانتێکردوەو ئێستاش سەیرانگایەکی بەناوبانگی سەردەشت و سوێسنایەتیە، چونکە کەوتۆتە بەشی خۆرهەڵاتی کوردستان.

١. باژاڕ: دەشتێکی پان و بەرین و ئاوو مێرگ و مێرخوزارە، لەدوای رێکەوتنامەی جەزائیری ساڵی (١٩٧٤ز) نێوان شای ئێران و سەددام حوسێن، جێگری سەرۆککۆماری ئەوکاتەی عێراق، خرایەسەر وڵاتی ئێران و بەشی خۆرهەڵاتی کوردستان، ئێستا موڵك و موچەی جوتیارانی گوندی قەلەڕەشێیە.



زەوی باوزیان لە باژاڕ

دیارە پێشتر ئەو شوێنە موڵکی هۆزی سەکر[٢]بووە، پایتەختی سەکرەکان گوندی (بێشیر) بوو، هاوینانیش چوونەتە هاوینەهەواری باژاڕو هەتا پایز لێی ماونەوە. مستەر ریچ لەگەشتەکەی ساڵی (١٨٢٠ز)دا نووسیویەتی: لە باژاڕ تاوڵ و ساباتێکی زۆر گەورەم دیت لەبەردەمی (٤٠) جووت کلاشی لێریزکرابوو، کاتێك پرسیارمکرد، گوتیان: ئەوە گردبونەوەی گەورەپیاوانی هۆزی سەکرە.

دوای دەبەریەکراچوونی هەردوو هۆزی سەکرو ترکەڕەشە[٣]و دەرپەڕاندنی ترکەڕەشان لەلایەن سەکرەکانەوە[٤]، سەکرەکان بوونەتە هەڕەشەو مەترسیەکی گەورەو دەبوو هۆزی نورەدینی بەدوای چارەسەرێکدابگەڕێن، بۆیە دوای ئەوەی لەگەڵ حەمەداغای کوڕی میرئاودەل (باپیرە گەورەی میراودەلیان)، راوێژدەکەن، کە ناوبراو کەسێکی زۆر ژیرو تێگەیشتوبوو نزیکەی (١٧) کوڕی چەکداری خۆی لەماڵدا هەبوو،.

٢. سەکر: پێش بەدەسەڵاتگەیشتنی میراودەلیان، لە پشدەرێ دەسەڵاتداربوون، کۆمەڵێك گوندیان هەبوون وەك: (بێشیر، بێموش، بادین، شلەمرێ، کانیلان، گیرە، دارەشمانە، هوڕێوە، دێگە، بادەڵیان، کۆلارە، خڕەبەردان، دۆڵەدزێ و ئالاوە). چاوپێکەوتنی عوسمان مەحمود ئیبراهیم/ حاجی عوسمانەسوری سەکر: ڕۆژی (٢٠١٥/٥/١٩ ز)، رانیە؛ بڕوانە: (مەسعود محەمەد: جارێکیترگوندی نوورەدین و... گۆڤاری رەنگین ژمارە (٥٥)، ساڵی (١٩٩٣ز)، ل٤٢-٤٥).

٣. ترکەڕەشە: هۆزێکی بچوکی دانیشتووی گوندەکانی: (مرە، دەروینەو ئاوەکێ) بوون، ساڵانە هەوارەماڵیان هاتۆتە سەرنێلێ. چاوپێکەوتنی عەلی سۆفی ئەحمەدی بێکلۆ: ڕۆژی (٢٠١٥/٥/٢٠ ز)، قەڵادزێ.

٤. ئەمە بۆخۆی چیرۆکێکی درێژو سەربەخۆیە، هیوادارم رۆژێك لەمێژووی راستەقینەی پشدەرو دوور لەدەمی (ئیدمۆندس)ەوە بنووسرێتەوە، چونکە سەرەڕای ئەوەی ئیدمۆندس سەبارەت بەناوچەی پشدەرو هۆزەکان زۆری نووسیوە، بەڵام پێموایە ئەو لەچاوی بەرژەوەندی دەوڵەتەکەی بابەتەکانی بینیووەو زۆر لەڕاستیەکانی شێواندوە، ئەوەندەش دۆستی کوردنەبووە. وەك سوکایەتیپێکردن، ئەو (٢) ئەسپەی هەیبوون، ناوی لەیەکێکیان نابوو (سمکۆ)، کە مەبەستی سمایلاغای سمکۆو ئەوی تریشی ناونابوو (قازی)، مەبەستی لەویش قازی محەمەدو موفتیە ریشسپیەکەی قەڵادزێ بوو. بڕوانە: (سیسیل جۆن ئیدمۆندس: کورد تورك عەرەب، و: حامید گەوهەری، چ٣، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، (هەولێر، ٢٠٠٤)، ل٢٦٨). بۆ شارەزابوونی زیاتر سەبارەت بەهەڵوێستی ئیدمۆندس سەبارەت بەکوردو شۆڕشەکەی و سەرداری کورد (مەلیك مەحمود)یش بڕوانە: (ئا.م. مینتیشاشڤیلی: کورد کورتەی پێوەندی کۆمەڵایەتی و ئابوری و رۆشنبیری و گوزەران، و: عیزەدین مستەفا رەسوڵ، چ٢، چاپخانەی خانی، (دهۆك، ٢٠٠٨)، پەراوێزی ل١).



لەلایەکی دیکەشەوە، خزمایەتی ژن و ژنخوازی لەگەڵ مەرگەیی[٥] و شیلانەیی[٦]ەکاندا هەبوو، لەشکرێك لە مەرگەوە دەهێنن، کە زۆربەیان پێکهاتبوو لەشیلانەییەکان، گوندەکانی نورەدینیانیش خۆیان ئامادەدەکەن، بەسەرپەرشتی کوڕانی حەمەداغای گەلەکۆمەکێ لەسەکران دەکەن، لە پشدەر دەریاندەپەڕێنن و پەرتەوازەیاندەکەن، ئیدی زەوی و موڵك وماڵیان تاڵاندەکرێت. باژاڕ، کە موڵك و هاوینەهەواریان بوو، دەکرێت بە (٢٠) بەش! بەگشتی دابەشکراوەبەسەر کوڕانی حەمەداغای بەپێی بەرەباب، هەرگوندێکیش لەوگوندانەی بەشداری شەڕی سەکرانیان کردوە پارچە زەوییەکی لەموڵکی سەکران پێبڕاوە، کە چەندان زەوی باژاڕ بەناوی گوندەکانی دیکەوە، بەنمونە: زەوی هێرۆییان، زەوی شیلانەییان، زەوی میراودەلیان و هی دیکەیش. باوزێ لەوتاڵانەدا، پارچە زەوییەکیان لەهاوینەهەواری باژاڕ دەستکەوت بەناوی (زەوی کانی میری)، کە هەتا ئێستاش ئەو پارچە زەوییە هەرماوەو لەلایەن جوتیارێکی گوندی قەلەڕەشێ بەناوی (مەولودەسورە) دەچێنرێت و بەشێك لەداهاتەکەشی بۆ باوزێیان دەنێردرێ

٥. مەرگەیی: مەبەست لەخەڵکی گوندی مەرگە، یان ناوچەی مەرگەیە.
٦. شیلانەیی: زۆربەیان دانیشتووی ناوچەی مەرگەن، بەهۆی تێکەڵی و خزمایەتیان لەگەڵ میراودەلیان، زۆرجار لەباسی پشدەردا ناویانهاتووە. وەك دەگێڕنەوە: شیلانەییەکان لەبنەڕەتدا بنەماڵەیەکبوون دانیشتووی گوندی (دێڵزێ)ی ناوچەی پیرانشار بوون، لەڕەچەڵەکدا سەربە هۆزی (مامەش)ن، بەهۆی ناکۆکیەوە ئەوێیان بەجێهێشتووەو لەنزیك گوندەکانی (دێلۆو مێرتکە) نیشتەجێبوون، هەتا ئێستاش شوێنەواری خانووەکانیان ماوەو بەشوێنەکە دەڵێن: (کەڵەکی شیلانەییان)، دواتر ئەو شوێنەیان بەجێهێشتووەو گوندی (هەڵۆنە)یان لەنزیك مەرگە ئاوەدانکردۆتەوە. ناوی گوندەکەش ئاماژەیە بۆ ئازایەتی و بوێری دانیشتوانەکەی و بەباڵندەی (هەڵۆ) چواندویانن.

# شێخ نێکهۆمەر لەگوندی باوزێ




یەکێک لەمەزارە بەناوبانگەکانی باوزێ گۆڕی شێخ نێکهۆمەرە، کە بەدووری کەمتر لەکیلۆمەترێك دەکەوێتە خۆرهەڵاتی باوزێ لەشوێنێك بەناوی گۆڕان. دەربارەی ناوی شێخ نێکهۆمەر، کە لەپێشگری (نیك) و ناوی (هۆمەر) پێکهاتووە. نیك لەپەڕتوکی ئاڤێستادا بەواتای (چاك) دێت و یەکێکە لە (٣) بنەماکەی ئایینی زەردەشتی، بەڵام نازانرێك بۆچی ئەم پێشگرە بۆ ناوەکە زیادکراوە، بڕگەی دووەمیش لەبنەڕەتدا وشەو ناوی (عمر)ی عەرەبیەو کوردێنراوە، یاخود لەناوی (هۆمیرۆس)ی هۆنەری بەناوبانگی یۆنانی سەرچاوەیگرتووە، کە بەسەریەکەوە واتای (عومەری چاك)، یان (عومەری چاکەکار) دەبەخشێت.

لەکۆنەوە دایکانی تامەزرۆی منداڵی کوڕ لەشارەکانی (قەڵادزێ، رانیە، سلێمانی و هەولێر) و تەنانەت لەشاری (سەردەشت)ی خۆرهەڵاتی کوردستانیش سەردانیدەکەن و لەسەرمەزارەکە لەخوادەپاڕێنەوە، منداڵی کوڕیان پێببەخشێت. زۆرێکیش لەوانەی بەهۆی دووری گوندەکە توانای هاتنیان نیە، لەچك، یان پارچەقوماشێك دەنێرن بۆ سەرگۆڕەکە، بەمەبەستی گیرابوونی مرازیان. جێگای ئاماژەیە، زۆربەی ئەوانەی سەردانی گۆڕەکەیانکردووە، یاخود لەچکیان ناردوە، دواتر خوا منداڵێکی کوڕی پێبەخشیوون.

لەڕابردودا ژنەڕێنوێنیکەرەکانی گوند، ژنی داواکاریان فێری وتەی: "لەدوور هاتم، بۆ کوڕ هاتم" دەکرد، بۆئەوەی پێش چوونیان بۆ سەرگۆڕکە بیڵێنەوە، هەروەها پێویستە ژنی سەردانیکەر بەدرێژایی رێگای نێوان گوندو مەزارەکە، مێوژو گوێزو نوقڵ و شیرینی لەکاتی چوون و هاتنەوەدا ببەخشێتە ئەو کەسانەی دێنەسەررێگاکە.

لەبن کێلی لای سەری گۆڕەکەش جۆلانەیەکی بچوك هەبوو، بۆ دڵنیابوونی سەردانیکەر بەردێك دەخرایەناویەوە، کە بەلاژانەوەی مانای گیرابوونی مرازەکەبوو، بەپێچەوانەشەوە بەنائومێدی دەگەڕایەوە، پێویستە ژنی خۆشبەخت دواتر ئاژەڵێکی نێرینە سەربڕێت و بیبەخشێتەوە، هەروەها دوای لەدایکبوونی منداڵەکەش مەرجە ناوی (عومەر)ی لێبنرێت، ئەگەرچی پێشتر بەزۆری منداڵەکان ناودەنران (هۆمەر)، بەڵام لەئێستادا هەندێك لەدایکان منداڵەکانیان ناودەنێن (دیاری)، بەواتای دیاری سەردانی گۆڕەکە.

دەگێڕنەوە: لەڕابردودا ژنێك بەمەبەستی بوونی منداڵی کوڕ، بەسواری هێسترێك سەردانی مەزارەکە دەکات، بەڵام بەهۆی لەخۆبایبوونەوە بەسواری هەتا نزیکی گۆڕەکە دەڕوات، لەسەرپشتی وڵاخەکە نزاکانی دەکات، بەڵام لەئەنجامی ئەولوتبەرزیەدا، دواتر هێسترەکە دووگیاندەبێت، کە هەرگیز هێستری مێ، زاوزێ ناکات! ئافرەتەکەش بەدرێژایی ژیانی لەچاوەڕوانی بوونی منداڵی کوڕدا دەمێنێتەوە.





# ژینگەو كاریگەرییەكانی لەسەرلایەنی دەروونیمان




**فەرهاد مەحمود**

ماستەر لەدەرونزانی و دروستی دەرونی


وتەیەكی چینی هەیە دەڵێت: "باشترین كات بۆ چاندنی درەختێك (٢٠) ساڵ لەمەوبەرە، دووەمین باشترین كات ئیستایە". ئایا هیچكاتێك پرسیارمان لەخۆمانكردوە، كە بۆچی بەبینین و بەرخوردكردن لەگەڵ سروشت تەنانەت لەكاتە هەرەسەختەكانی ژیانماندا، بێگومان مەبەستمان لەسروشت هەموو پێكهێنەرەكانی سروشتە لە: گوڵ، دار، گژوگیا، باڵندەكان، مێروولەكان، ئاوەكان ... هتد، هەموو ئەوانە ئارامییەك و دڵنەواییەكی دەروونی و جەستەییمان پێدەبەخشن، بەپێی تیۆری (BioPhilia): مرۆڤ پاڵنەرێكی زگماكی هەیە بۆ پەیوەندیكردن بەسروشتەوە، ئەم پەیوەندییەش هەرلەسەرەتای لەدایكبوونی یەكەمین مرۆڤی سەرزەوی دروستبووە، كە سروشت بۆتە لانكەی میهرەبانی و سەرچاوەی ئارامی و ئاسایشی دەروونی بۆی.

بێگومان چۆن ژینگەی ژاوەژاوو قەرەباڵغ و پیس، دەبنەسەرچاوەی بێزاری، سەرلێشێواوی و بێتاقەتی، ئەوا پێچەوانەكەشی راستە، كە ژینگەی جوان، پاك و خاوێن و سروشتی كراوە، چۆن دەبنەمایەی دابەزاندنی فشارو كەمكردنەوەی قەلەقی و خەمۆكی، بۆ پاڵپشتی لەوقسەیەمان توێژینەوەی (د. وایت: لەساڵی ٢٠١٩ز)، كە لە بەریتانیا ئەنجامیدا لەسەر (٢٠) هەزار كەس لەخەڵكی پێگەیشتوو، لەدەرئەنجامی توێژینەوەكە: دەركەوت ئەو كەسانەی، كە هەفتەی پێشوو بەلایەنی كەمەوە بۆ ماوەی (٢) كاتژمێر لەدەرەوەو لەناوسروشتدا كاتیانبەسەربردوە، ئاستی تەندروستی و ئارامی دەروونیان بەشێوەیەكی بەرچاو بەرزترە لەوكەسانەی، كە لەناوشاردا، یاخود لەئیش و كاردا كاتیانبەسەربردوە.

تێكەڵبوون و چوونەناو سروشت، تەنها نابێتە هۆی كەمبوونەوەی فشاری دەروونی، خەمۆكی و قەلەقی، بەڵكو كاریگەری هەیە لەسەرباشبوونی لایەنی جەستەیی و كەمكردنەوەی پەستانی خوێن و لێدانی دڵ و گرژی ماسولكەكان، هەروەها كەمكردنەوەی ئازار، كە ئەمە بەڕوونی لەتوێژینەوەی (رۆبەرت ئۆلریج: لەساڵی ٢٠١٨ز)دا دەردەكەوێت، كە لەنەخۆشخانەیەكی منداڵان ئەنجامیدا، ئەو منداڵانەی، كە نەشتەرگەری میزڵدانیان بۆدەكرا، بەشێكیان لەومنداڵانە دارو گوڵ و سەوزایی باخچەی نەخۆشخانەكەیان لێدیاربوو، بەشەكەی تریشیان ئەو منداڵانەبوون، كە تەنها چواردەوری دیواریان لێدیاربوو، دەركەوت ئەو منداڵانەی، كە دارو گوڵ و سەوزاییان لێدیاربوو، زیاتر بەرگەی ئازاردەگرن، هەروەها كاریگەری نەرێنی نەشتەرگەرییان كەمتر لەسەردەبێت و كاتێكی كەمتر بەسەردەبەن لەنەخۆشخانەو زووتر دەگەڕێنەوە ماڵەوە. كاتبەسەربردن لەناوسروشتدا توانای گرینگیدانمان و سەرنجدانمان بەهێزتردەكات، چونكە سروشت پێویستی بەسەرنجی زۆرو تێڕامانی قوڵ هەیە. لەڕاستیدا سروشت رەنگە یارمەتیدەربێت بۆ رزگاركردنی كاریگەرییەكانی تەنیایی، یان گۆشەگیری كۆمەڵایەتی، (وایت و هاوكارەكانی لەساڵی ٢٠١٨ز) لە بەریتانیا راپرسییەكیان ئەنجامدا لەنێوان (٣٥٩) كەس سەبارەت بەپەیوەندی كۆمەڵایەتیان و پەیوەندیان بەسروشتەوە، توێژینەوەكە ئەوەی دەرخست، كە ئەوكەسانەی ئاستی پەیوەندی كۆمەڵایەتیان لاوازە، بەڵام ئاستی پەیوەندیكردنیان بەسروشتەوە بەرزە، ئەوە ئاستی خۆشگوزەرانیان و ئارامی دەروونیان بەرزبوو.

دەتوانین بڵێین ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەسەلمێنێت، كە مەرج نیە بۆ كەمكردنەوەی كاریگەری نەرێنی تەنیایی پەنابەرینە بەركەسانێتر، بەپێچەوانەوە دەتوانین لەڕێگەی پەیوەندیكردن لەگەڵ سروشت، ئەو كاریگەرییە نەرێنیە كەمبكەینەوە، یاخود نەمێنێت، بەڵام یەكێك لەكێشە گەورەكان، كە ئێستا یەخەی جیهانی گرتووەو بەدەستییەوە دەناڵێنێ، پیسبوونی ژینگەیە! كاریگەری تەواوی خستۆتەسەر تێكچوونی سروشت و ژیانی مرۆڤەكانی خستۆتە كێشەوە، بەپێی دواین ئاماری رێكخراوی تەندروستی جیهانی: ساڵانە نزیكەی (٧) ملیۆن كەس لەجیهاندا دەمرن بەهۆی پیسبوونی ژینگەو هەواوە، كە بێگومان مرۆڤ خۆی بەشێكی گەورەیە لەوهۆكارە. یەكێك لەوكارانەی، كە مرۆڤ دەیكات ساڵانە لەناوبردنی بڕێكی زۆری ناوچەی سەوزایی و دارستانەكانەو كردنیەتی بەشوێنی نیشتەجێبوون و دامەزراندنی چەندین كارگەو بەرهەمهێنانی زەبەلاح، هەروەها فڕێدانی پاشماوەوەو پاشەڕۆكانی بۆ ناوسروشت و ئاوەكان، بێگومان هەموو ئەو هۆكارانە دەبنەهۆی تێكچوون و پیسبوونی بەرگە هەواو پاشانیش دەركەوتنی گۆڕانكارییەنەرێنییەكانی لەسەرسروشت.

# چیرۆکی بەردعەزیا لەگوندی باوزێ





لوتکە شاخێکی گەورەی تەنهایە بەقەدپاڵی گردێکەوە، بەبەرزی نزیکەی (١٠م) رووەو باشور لەهەواری (سماقەجاڕ) لەخۆرهەڵاتی باوزێ هەڵکەوتووە. دەربارەی بەردعەزیا، دانیشتوانی گوندەکە پشتاوپشت چیرۆکێکی میللی ئەفسانەیی بەمجۆرە دەگێڕنەوە:

لەسەردەمانی زوودا مەلایەك لەخۆرهەڵاتی کوردستان هاتووە، لەکاتی یەکێك لەنوێژەکاندا دەچێتەسەربەردەکە بەمەبەستی بانگدان، بەڵام لەوکاتەدا مارێکی گەورە لەشێوەی (عەزیا/ئەژدیها)، لەژێربەردەکە دێتەدەرەوەو بەرەو مەلاکە بەبەردەکەدا هەڵدەزنێت، مەلاش لەترساندا لەخوا دەپاڕێتەوە بیکات بەبەرد، بۆئەوەی عەزیاکە نەیخوات. دەڵێن: هەمانکات خوا نزاکەی گیراکردو مەلاو عەزیاکە بەیەکەوەبوون بەبەرد!

جێگای ئاماژەیە، بەشێك لەدانیشتوانی ناوچەکە بڕوای تەواویان بەچیرۆك و رووداوەکە هەیە، بۆ سەلماندنی قسەکەشیان دوو بەڵگە وەك نمونە دەهێننەوە: یەکێکیان ئەوەیە، شوێنەوارو وێنەی عەزیاکە جیاواز لەبەردەکە، نەخش و نیگارێکی رەنگ سپی و زەرد لەشێوەی مارێکی گەورە لەکاتی هەڵگەڕانیدا بەرچاودەکەوێت. بەڵگەی دووەمیش، بوونی گوڵێك لەدرزی ناوەڕاستی بەردەکە، کە لەوەرزی بەهاردا سەوزدەبوو گوڵێکی سوری دەردەکرد، دەڵێن: کاتیخۆی گوڵەکە لەژێرپشتێنی مەلاکەدابووە، بەڵام بەداخەوە لەسالانی رابردودا هاوڵاتیەکی خەڵکی گوندەکە بەپاچ گوڵەکەی لەڕەگەوە هەڵکەندو بەوهۆیەوە بۆ لەمەودوا کۆتایی بەژیانی ئەو گوڵە پڕلەڕازو نهێنیەهات.



# گوندی باوزێ



پەرژین سلێمان

گوندی باوزێ خاوەنی مێژوویەکی زۆر کۆنەو خاوەن چەند شوێنەواری وەك: زینوەخان، کە جێگای خان بووە، قۆنگرە، باسخەنجەر، کۆلەخانی و چەند جێگاو شوێنەواری دێرینی دیکە، کە ئەمانە ئاماژەی کۆنی گوندی باوزێن. دەربارەی ناوەکەشی چەند بۆچوونێك هەیە، کە پێیانوایە لەوەهاتووە، کەوتۆتە نێوان دوو زێ. بەشێکیتریش دەڵێن: لەهێزو بازوو هاتووە، کە لەڕابردوودا پیاوی هەڵکەوتە، ناودار، جوامێرو بەتوانای تێداهەڵکەوتووە، هۆکاریتریش باسکراوە لەسەرناوی گوندی باوزێ.

لەڕووی جوگرافیەوە باوزێ هاوسنورە لەگەڵ گوندی بێناسە، ناحیەی هێرۆ، گردەشێخاڵ، ناحیەی ئیسێوە، ئەشکەنە، چەکوان و سەرشیو، ئەم فراوانیەش وایکردوە گوندەکە گەرمیان و کوێستانی هەبێت، وەك: کوێستانەکانی (سەرتەپ و شیلانە، ساردکە، زەویەهەرمێ، قۆڕغان، دەراوێییان) و چەند شوێنیتر، هەروەها باوزێ گەلێك سەرچاوەی کانیاوو کارێزی سازگاری هەیە، لەوانە: (کانیسپی، کانیچەکۆ، کانی مەمەند، کانی ئاڵی، کانیگوڵان، قەدەمقوڵ، سەرچاوەی کبۆ) و چەند کانیاویتر.

گوندی باوزێ خاوەنی ژینگەیەکی سەوزو دیمەنێکی جوان و دڵڕفێنە، هاوشێوەی گوندو ناحیەکانیتر شوێن و جێگای سەیران دروستکراوە بەهەوڵی خەڵکی گوندەکە لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان، کە ئەمە جێگای دەستخۆشیە، تایبەت بۆ ئەمساڵ لەپێناو خزمەتکردنی ئەم خەڵکانەی بۆ سەیران لەڕۆژی باوزێ سەردانیدەکەن، کە هەڵساون بەهەڵکەندنی بیرو دروستکردنی تەوالێت، هەروەها دروستکردنی شوێنی نوێژو خۆشکردنی شوێنی دانیشتن بۆ ئامادەبوان بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش لەگەڵ خزمان و دۆستان. لێرەوە داواکارم لەخزمان، دۆستان و میوانان، لەپێناو پاراستن و پاکڕاگرتنی ژینگە، پاشەڕۆو خاشاکی خۆیان کۆبکەنەوەو بەپاکی شوێنەکانیان جێبهێڵن، دارودرەخت نەشکێنن بۆئەوەی بەهەمووومان ژینگەکە جوانتربکەین.

سوپاس بۆ کاك حاجی پیرۆت کاکەمەم، لەئامادەکردنی ئەم وتارەدا زانیاری پێدام.

# کێلەقوچە

دەکەوێتە بەشی سەرەوەی گۆڕستانی لیژان لەنزیك گۆڕی شێخ باهۆمەر، کێلەبەردێکی داتاشراوە بەبەرزی (١٣٤سم)، پانی (٤٩سم) و ئەستوری (١١سم)، لەهەردوو رووەکەی چەند ناوو ئایەت و نووسینێك بەزمانی عەرەبی هەڵکەنراوە.

بەئەگەرێکی زۆرەوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی گەیشتنی سوپای ئیسلام بۆ کوردستان، پێدەچێت ناونیشان و ئاماژەی بوونی چەند گۆڕێکی سەربازانی سوپاکەبێت، کە لەشەڕەکانی ناوچەکەدا گیانیانلەدەستداوە.





## پێشکەش بە باوزێی

## زێدی باب و باپیران



**ئەحمەد حاجی عەلی**

ئەوا تێپەڕی سەرمای زستانێ
وەرزی بەهارهات بچینەسەیرانێ
بڕۆ بۆلای باوزێ، بۆوێ کوێستانێ
سەرچاوەی کبۆ سنوری ئێرانێ
بۆلای وەیسەکەڕ، بۆ کانیگوڵانێ
بۆ سەری قۆڕغان بڵندەو دەڕوانێ
ئەوجار تێپەڕە بەرەو شیلانێ
لەساڵێکیش ساتێك بدەوچانێ
لە زەویهەرمێش بخۆ چایەك و نانێ
نانی نیوەڕۆش ببە هەڵوانێ
چەندە دڵگیرە هەرخوا دەزانێ
باڵۆش زۆر خۆشە لەوبەر دەڕوانێ
لەبەری سانیێ خڕێك لەنێوانێ
وەگەڕێ بەرەو کوێستانی ئەشکەنێ
پێهەڵگەڕێوە بەوێ بەندەنێ
دەچیە سێویشکان، خەم هەڵدەقەنێ
لە کۆڕەنورەش دڵڕادەچەنێ
بچیە هەرشوێنێك، خزم دەتگەنێ
ئەگەر سەد کەس بی، یاخود بەتەنێ
فەرموت لێدەکەن، نانت دەدەنێ.

## بۆ باوزێ



**حسێن کەریم**

باوزێ بەهەشتی سەرگۆی ئەرزی
وەك شەهیدانت هەردەم سەربەرزی
چواردەورەت شاخ و دەوەن و دارە
کەش و هەواشت پاك و سازگارە
باوزێ تۆ پڕی لەگوڵ و گوڵزار
چاو لەدیدارت قەت نابێ بێزار
جوانیت لەچاودا بەجۆرێ دیارە
بۆ دڵی نەخۆش، وەکو تیمارە
جوانی سروشتت دڵ ئارامکەرە
دیداری خاکت خۆ خەم لابەرە
شەهیدت زۆرن بۆ ئەم ڵاتە
بۆ داگیرکەران خوێنیان خەڵاتە
رۆڵەت فێرکردون بەمەردایەتی
کەس وەك وان نابێ لەئازایەتی
لەپێشی سەنگەر شێری مەیدانن
بەڕووی دوژمنان، وەکو قەڵغانن
ئەرکە لەلایان پاراستنی وڵات
بەبێشك مێژووش گەواهیدەدات
باوزێ لای هەموان تۆ خۆشەویستی
خەڵکت ناسراوە بەمیواندۆستانی
باوزێ هەرئاوا لەبەردڵان بی
خاکی شیرینم هەرئاوەدان بی.

# هەندێك لە نەریتە باوەکانی گوندی باوزێ لەڕابردوودا



**باوان عەبدوڵڵا**
مامۆستاو توێژەری بواری مێژوو

**یەکەم: نەریتی میوانداریکردن**

میوانداری بەپێی چەمکی کوردەواری، تەنها خواردن پێشکەشکردن، یاخود لەخۆگرتن نەبووە، بەڵکو ڕێزگرتن، شێوازی بەڕێکرن، دانیشتن، هەستان و گفتوگۆکردن لەگەڵی دەگرێتەوە. دانیشتوانی باوزێ، کەمترین کات لەچاوەڕوانی ئەوەدابوون میوان لەدەرگایان بدات، هەرکاتێك کەسێکی نامۆ، یان ڕێبوارێك لەماڵەکەی نزیك بوبێتەوە، خۆیان روویانلێناوەو دەستپێشخەریانکردوە، میوانداریبکەن. وەك نەریتێك لەگوندەکەدا میوان سەرپشکدەکرا لەوەی دەچێتەوە ماڵی کێ، زۆرجار گوندنشینان لەیەکتری زویردەبوون لەسەرئەوەی، کە میوانەکە دەچوو بۆ ماڵی کەسێکیتر. بەدرێژایی ئەو ماوەی میوان دەمایەوە، باشترین جۆری خواردن و خواردنەوەی پێشکەشدەکرا، کەشێکی ئارام و ئاسودەی بۆ فەراهەمدەکرا لەڕێگەی قسەی خۆش، نوکتە، گۆرانی و بەگێڕانەوەی بەسەرهات خاوەن ماڵ پێداگریدەکرد لەوەی میوان زۆرتر بمێنێتەوە، لەکاتی بەڕێکردنی دەست و دیاری بۆ دەپێچرایەوە، لەکۆتایدا خاوەن ماڵ داوایدەکرد دووبارە میوان سەردانیانبکاتەوە. بەهۆی بوونی ئەو تایبەتمەندیە بەشێوەیەکی بەرچاوو لەڕابردوو ئێستادا باوزێ وەك گوندێکی میواندۆست و گفت و لوتفخۆش هەژماردەکرێت.

**دووەم: نەریتی کارکردن بەکۆمەڵ/ هەرەوەزی**

کاری هەرەوەزی و کۆمەڵایەتی، دوای ئەوەی مرۆڤەکان پێویستیان بەهاوکاری و هەماهەنگی یەکتریبوو بەئامانجی یارمەتیدان و کارئاسانی لەنێوان یەکتریدا، دەستیاندایە کاری بەکۆمەڵ، لەگوندی باوزێ هاوشێوەی ناوچەکانیتر کارکردن بەهەرەوەزی پاشخانێکی دوورودرێژی هەیە، بەهۆی سەختی و دژواری هەڵکەوتەی جوگرافی و قورسی ژیانی گوندنشینان، وایکردوە کارکردن بەتەنها ئاساننەبێت، بۆ ئەو مەبەستە پشتیان بەکاری هەرەوەزی بەستووە، بەوجۆرە کارەکان ئەنجامدەدران. ئەمڕۆ لەزەوی یەکێك کاریاندەکرد، چەند رۆژێك دواتر، دەچوونە زەوی کەسێکیتر، دەبوو هەمان کەس، کە کاری بۆکراوە بەشداربێت لەکارکردن لەزەویەکانیتریش. نمونەیەکیتر لەوکارانە، کە بەهەرەوەزی ئەنجامدەدرا، تەکاندنی گوڵەبەڕۆژەبوو لەشەوانی هاویندا، جەوانان بەتایبەت کوڕو کچ بەتێکەڵی بەدەم قسەی خۆش و گێڕانەوەی بەسەرهات، کارەکانیان ئەنجامدەدا، پاشان هەتا ماندوبوون لەجەستەیان دەربچێت، پاشماوەی گوڵەبەڕۆژەکانیان لەیەکتریدەگرت.



**سێیەم: نەریتی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی/ سوڵحی عەشایەری**

یەکێکی دیکە لەونەریتانەی لەکۆمەڵگای کوردی و بەشێکیتری ناوچە جیاوازەکان بەرچاودەکەوێت، پێکهێنانی ئاشتەوایی کۆمەڵاتیە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان. لە کوردستان بەگشتی و گوندی باوزێ بەتایبەتی بۆ چارەسەرکردنی گێروگرفت و کێشە ئالۆزەکان، زیاتر پەشتیان بەورێگەیەبەستووە، کەمتر بەیاسا، هۆکارەکەش لاوازی یاسا بوبێت، یان نەبوونی متمانە بەیاسا، بەوەی کێشەکە ئالۆزتردەکات. بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان دوو هاوسەر، کوشتن، ژنهەڵگرتن، هەڕەشەکردن، دەستدرێژیکردنەسەر مافی یەکتری ... هتد. زۆرجار چارەسەرکردنی کێشەی کوشتن بەبەخشین، یان لەبەرامبەر بڕێك پارەدا کۆتاییدەهات، یان ئەو کەسەی ژنیهەڵگرتووە، پێویستبوو وەك کەسێکی تاوانبار پارەبدات، یان ژنێکی دیکە باجی ئەو کارەبدات، کە دەبوو بەکەسی نزیکی پیاوەکە، لەدانیشتنەکاندا هەرکێشەیەك بەڕێگایەك چارەسەردەکرا، بەڵام خانمان کەمتر لەو دانیشتانەدا بەشداربوون و بۆچوونیان وەردەگیرا، زیاتر پیاوان ڕۆڵیاندەگێرا.

**چوارەم: نەریتی ژنهێنان و ڕێوڕەسمی زەماوەند**

لەهەرناوچەیەك بەگوێرەی نەریتی خۆیان ژن و ژنخوازی ئەنجامدەدەن، لەکۆمەڵگای کوردەواریدا بەگشتی بەگوێرەی سەردەمەکان ئەو پڕۆسەیە بەشێوەی جیاوازجیاوازبووە، گوندی باوزێ لەوجیاوازیە بێبەش نیەو لەڕابردودا ژن و ژنخوازی پێکهاتووە لە (ژن بە ژن، ژنهەڵگرتن، مارەبڕین لەمنداڵیەوە)، کەمترین کات (٢) کەس بەخواستی خۆیان ژیانی هاوسەریان پێکهێناوە. زۆرجار لەبەرامبەر پێدانی یەك ژن، پێویستبوو (٣) ژنی دیکە بکرێنە قوربانی، زۆرجار لەئەنجامی ئەو شێوازی هاوسەرگیریکردنەدا، پەیوەندیەکان بۆ ماوەیەك گرژیتێکەدەکەوت، بەڵام بەهۆی ئەوەی دابونەریتەو ناچار قبوڵدەکرا لەلایەن کچ و کوڕەکە. لەهەڵبژاردنی هاوسەر زیاتر مافی پیاوەکە رەچاودەکرا، کەمتر ژن دەیتوانی هاوسەری دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێت. دوای ئەوەی کۆتایی بەڕێکەوتنەکە دەهات لەلایەن هەردوو بنەماڵەوە، زاوا میوانانی بانگهێشتی نانخواردندەکرد، پاشان بوکی لەماڵی باوکیەوە بەسواری ئەسپ، دەگواستەوە بۆ ماڵی خۆی، لەوماوەیەشدا خەڵکی بەشایی، هەڵپەڕکێ و گۆرانیگوتن و پێدانی دیاری بەبوك و زاوا کۆتایی بەڕێوڕەسمەکە دەهات.





**پێنجەم: نەریتی پرسەو ڕێوڕەسمی مردوناشتن**

مردن، یان ماڵئاوایکردن لەژیان، بەدرێژایی مێژوو هەتا ئەمڕۆش نەریتی مردوناشتن و رێزگرتن لەکۆچکردوان، بەڕێکردنی بۆ گۆڕستان و رۆژانی پرسە، بەڕێوڕەسمی جیاواز ئەنجامدراوە. دانیشتوانی گوندی باوزێ دوای ئەوەی دەیانزانی کەسێك گەیشتووە بەدوایین وێستگەی ژیانی و ماڵئاوای دەکات، خۆیان ئامادەدەکرد، پاشان لەگەڵ خاوەن مردو کارەکانیان ئەنجامدەدا، دوای ئەوەی مردو دەشۆراو نوێژی لەسەردەکرا، کە زۆرترین کەس ئامادەدەبوون، بەرەو گۆڕستان بەڕێدەکرا، دوای ناشتن و ئەسپاردەکردنی، لەگۆڕستانەوە ئامادەبوان بەرەوماڵی کۆچکردو دەگەڕانەوە بەمەستی هاوبەشیکردنی ئەو خەمەگەورەیە. دوای ئەوە، پرسە دەستیپێدەکرد، کە (٣) رۆژ دەخایەنێت و ژنان و پیاوان بەجیا دادەنیشتن، پیاوان لەمزگەوت و ژنان لەماڵی خاوەن مردو، بەدرێژایی ئەو ماوەیە ئامادەکردنی خواردن و خواردنەوە ئەرکی ئەو رێوڕەسمەبوو، بەڵام دانیشتوانی گوندی باوزێ هەرکەسەو لەماڵی خۆیەوە ژەمەخۆراکی ئامادەی لەسەر سینیەك بۆ ماڵی خاوەن مردو دەهێنا، مەبەست لەوکارە سوککردنی ئەرکی سەرشان و بەجێنەهێشتنی خێزان و بنەماڵەی مردوبوو، هەموو ئەمانەش مانای پەرۆشی گوندنشینانی دەردەخست.

لەکۆتایدا، هەموو ئەوانەی باسکران: بەبەشێك لەداب و نەریتی گوندی باوزێ دادەنرێن، سەرەڕای هاوبەشیان لەگەڵ ناوچەکانی دیکە، کە لەهێڵەگشتیەکە یەکدەگرنەوە، بەڵام لەشێوازی ئەنجامدانی جیاوازی وردهەیە لەگەڵ ناوچەکانی دیکەدا. دابونەریت بەگوێرەی سەردەمە جیاوازەکان گۆڕانی بەسەردادێت و گوندی باوزێش لەوگۆڕانکاریە بەدەرنیە، لەبەرئەوە پرۆسەکە بەشێکی گۆڕانی بەسەرداهاتووە. ئەگەر بەراودیبکەین باسێکی زۆر هەڵدەگرێت، دەکرێت لەداهاتوودا زیاتر ئەو جیاوازیە بخەینە بەرباس. بەگشتی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتی و کلتوریانەی ئاماژەیانپێکرا، هەوێنی دروستکردنی رۆحی یەکگرتوویی و پێکەوەژیان لەوگوندەبووەو پشتاوپشت هەوڵدراوە ئەمشێوە لەژیانی کۆمەڵایەتی بپارێزرێت، واتە لەگەڵ ئەوەی لەسەردەمی مۆدێرنەدا شێوازی ژیان ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتووە، بەڵام کرۆکی پێکەوەژیان هەروەك خۆی ماوەتەوە.

# بەردەکانی قوڵە پنگ، هاوشێوەی ستۆنهێیج و موای

بەردەکانی قوڵەپنگ، یان وەك لەنێوخەڵکدا پێیدەگوترێت: (بەردی قوڵەپنگ)، بەدووری نزیکەی کیلۆمەترێك لەسەرووی گوندی باوزێ و لەدامێنی شوێنێك بەناوی (دۆپی بەردی) بەلای خۆرهەڵاتی چیای گردەبێناسدا هەڵکەوتوون. ئەوەی جێگای پرسیارو سەرسوڕمانە، هەتا ئێستا نهێنی ئەم کۆمەڵەبەردە هیچ کەسێك نایزانێت، کە مێژووەکەیان بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

ئایا بوونی کۆمەڵێك بەردی گەورە بەتەنها لەوشوێنەداو رووەوخۆرهەڵات، کارێکی خۆڕسکی سروشتە، یان پاشماوەی دەسکاری مرۆڤەو نهێنیەکی گرنگ لەهەگبەیاندایە؟ ئەگەرچی هاوشێوەی بەردەکانی قوڵەپنگ، لەوڵاتانی دیکە بوونی هەیە، دیارترینیان پاشماوەی (ستۆنهێیج)ە لەباشوری بەریتانیا، کە مێژووەکەی بۆ (٣١٠٠) ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوەو کێشی بەردەکان لەنێوان (٤,٥-٦,٥) تۆن دەبێت، هەروەها لەدورگەی (ئیستەر)ی ناوجەرگەی ئۆقیانوسی ئارام و بەدووری (٣,٥٠٠کم) لەخۆرئاوای وڵاتی شیللی کیشوەری ئەمریکای باشور، چەند پەیکەرێکی داتاشراوی گەورە لەشێوەی سەری مرۆڤ بەناوی (موای) بوونیان هەیەو کێشی هەریەکێکیان نزیکەی (٨٠) تۆن دەبێت. لەئێستادا هەردوو شوێنەکە بوون بەسەرنجڕاکێشترین ناوچەی گەشتیاری.

هیوادارم لەداهاتوودا هاوشێوەی (ستۆنهێیج و موای) تیمێکی تایبەتی زانستی، کاری پشکنین و توێکاری بۆ ئەم سەروەتەنیشتمانیەی (بەردەکانی قوڵەپنگ) بکات و مێژوو نهێنی شوێنەکە دەستنیشانبکرێت.







# وەرزش و خەڵکی گوندی باوزێ



محەمەد ئەحمەد

هەروەك خەڵكیترو بگرە زیاتریش وەرزش لەناو خەڵكی باوزێدا گرنگی پێدراوە، هەر لەكۆنەوە بەزم و وەرزشی كۆڕو دیوەخانان باوبووە. بەدیاریكراویش لەدوای راگواستنی گوندەكە بۆ كۆمەڵگا زۆرە ملێكان و لە تووەسوران ساڵی (١٩٨١ز)، كۆمەڵێك گەنجی بەتوانا هەڵدەستن بەدامەزراندنی تیپێكی وەرزشی تۆپی پێ و باڵە، لەتۆپی پێدا تیپێكی بەهێزمان دەبێت و چالاكانە ركابەری دەكەن لەگەڵ تیپەكانی (سەنگەسەر، رانیە، چوارقورنەو كۆیە)، دەكرێت بڵێین: لەوكاتەدا تیپی باوزێیان وەك تیپی هەڵبژاردەی تووەسوران یاری دەكەن و سەركەوتوودەبن، لەگرنگترین یاریەكان (٢-١) لەگەڵ كۆیە دەیبەنەوەو (١-٤) یاری دواتر دەدۆڕێن. ئینجا لەساڵی (١٩٨٦ز)دا كۆمەڵێك گەنجی دیكە هەڵستاین بەدامەزراندنی تیپی (هەژار)، كاروچالاكی زۆر باشمان هەبوو لەگەڵ دەوروبەرمان و یاریزانانی گوندەكانی (گەناو، ئەشكەنە، هەڵشۆو پیرانەڕەشان).

دواتریش لەكۆمەڵگای بازیان١، دووبارە دەستمانكردەوە بەچالاكی و وەرزش، راهێنانەكانمان فراوانتربوون، تەنها لەناوخەڵكی باوزێدا چەند تیپێك هەبوون، كە لەمانگی (١٠/١٩٩٠ز)دا خولێكمان بۆ (٤) تیپی (هەڵۆ، ئاشتی، هێرش و كارزان) كردەوە، هەرتیپێك چەند یاریزانێكی تێدابوو، لەكۆتایدا تیپی كارزان بەپلەی یەكەم و تیپی هێرش بەپلەی دووەم ریزبەندیەكەیانگرت، جگەلەوی تیپی (شابان) هەڵبژاردەو تیپی یەكەمی خەڵكی وەرزشدۆستی باوزێ بوو.

تیپی شابان یەكێكبوو لەتیپە هەرەبەهێزەكانی كۆمەڵگای بازیان١، لەچەندین یاریدا لەگەڵ تیپەكانی ناوخۆی كۆمەڵگاكە چالاك و سەركەوتووبوو، جیالەوەش لەچەندین یاری دیكەدا لەگەڵ (بازیان٢، تەیناڵ و ناحیەی بازیان)یش چالاكیمان هەبوو، لەزۆربەی یاریەكانیشدا ئەنجامی باشمان بەدەستدەهێنا. جگەلە شابان، تیپی (نەورۆز)یش هەبوو، هەرلەوسەروبەندەدا وەك گرەوێك رووبەڕووی بەهێزترین تیپی بازیان كراینەوە، كە تیپی (شەپۆل)ی یاریزانانی ئەشكەنەیی بوو، لەسەر خەڵاتێكی گرانبەها، لەكۆتایدا یاریەكەمان بەئەنجامی (١-٠) بردەوەو خەڵاتەكەشمان وەرگرت، كە سێتێكی تەواوی تیپەكەمانبوو بەشێوەی جلی ئەڵمانی.

دوای گەڕانەوەش بۆ قەڵادزێ، لاوەكانمان بەردەوامبوون لەیاری تۆپی پێ، لەخولێكدا وەك تیپی ئاسایش و دواتریش لە باوزێ دووبارە دەستكرایەوەبە چالاكی وەرزشی.

## ناوی یاریزانانی تیپی شابان

سلێمان حەمە قادر
محەمەد ئەحمەد هۆمەر
نوری ئەحمەد خدر
عەبدولڕەحمان ئەحمەد ڕەسوڵ
ئیبراهیم ئەحمەد ڕەسوڵ
حەمە حسێن خدر
مەحمود محەمەد ئەحمەد
عەلی محەمەد محەمەد

عەبدولڕەحمان عەلی هۆمەر
کاوە خدر حسێن
حەمە ئەحمەد خدر
محەمەد سەلیم عەلی
بایز ئەحمەد مەحمود
خالید عەلی هۆمەر
عومەر محەمەد ئەحمەد

سەلام خدر حسێن
ئەحمەد محەمەد مارف
ئیدریس حسێن خدر
ئەبوبەکر مەحمود عەبدوڵڵا
فەرەیدون حەمە شێخە
عومەر ڕەسوڵ مەحمود




## تیپی وەرزشی شابان، ساڵی (١٩٨٩ز) کۆمەڵگای بازیان

**وەستاوەکان لەڕاستەوە:** محەمەد ئەحمەد/ گۆڵچی، حەمە حسێن، کۆچکردو مەحمود محەمەدشەنگە، نوری ئەحمەد، حەمەڕەش ئەحمەد، کۆچکردو ئەبوبەکر محەمەد، عەلی حەمەمەلاو سەلام خدر.
**دانیشتوەکان:** ئیدریس حسێن، عەبدولڕەحمان عەلی، سلێمان حەمە قادر، عەبدولڕەحمان فەقێ ئەحمەدو ئەحمەد محەمەد مارف.

# کاکەمەم شێخە (١٨٥٠-١٩٣٥ز)

کاکەمەم دووەم کوڕی شیخە کوری ئیبراهیم کوری شیخەیە، گریمانەدەکریت لەدەوروبەری ساڵی (١٨٥٠ز)دا لەدایکبووبێت. یەکەم هاوسەری (فات حەمەد حسێن) بوو لەبەرەبابی وسێنان، هەریەکەلە: عومەر ناسراوبە (کوێخاباهۆمەر) و مەحمود، هەروەها (٤) کچیشیان هەبوو بەناوەکانی: هەمین، بەس، حەلیم و ئایش؛ دووەم هاوسەری (مریەم ڕەسوڵ) ئەشکەنەیی، تەنها کوڕێکیان هەبوو بەناوی: پیرۆت ناسراوبە (حاجی پیرۆت).

جیگای ئاماژەیە، کاکەمەم لەیەکەم شەری جیهانی و لەساڵی (١٩١٦ز)دا، بەناوی جیهادو لەچوارچێوەی بەرەی ناوەندو هاوکاری سوپای عوسمانی، لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەی باوزێیدا وەك هێزێکی میللی هۆزەکانی پشدەر، لەنزیك سەردەشت رووبەڕووی سوپای عروس/ روسیا بوونەوە، کە لەناویاندا هەریەکەلە: (مەحمودی خدرەکەڕێ، سێمانی وسووی، سێمانی برایمەسوری، بابەکرەقەیسی، بابەکرو قادری مەحمودچوکەڵ، محەمەدو ئەحمەد ڕەسوڵ حەمەڕەش ناسراوبە (گێلەو دێوانە)، حاجی محەمەدی سەکرو ئەحمەدی بابەکری نیگاران)، بەشداری شەڕەکەیانکرد. سەرئەنجام، بابەکرەقەیسی، گێلەو دێوانە گیانیانبەختکردو لەگردەسوری سەردەشت بەخاکسپێردران.

کاکەمەم لەگەڵ هەریەکەلە: (خاڵ حەمەدو ئیسماعیل قیتە) ماقوڵ و ریشسپی گوندی باوزێ بوو، پاشان بەهەڵبژاردن وەك نوێنەری گوندی باوزێ بووبە ئەندامی ئەنجومەنی ماقوڵانی هۆزی نورەدینی و بۆئەوەی لەناوخەڵکدا بناسرێتەوە پەستەکی سوری لەبەردەکرد، کە ئەوکات دیارترینیان بریتی بوون لە: کاکەمەم نوێنەری باوزێ، مام برایم نوێنەری ئیسێوە، حسێن بەڕۆژ نوێنەری گوندی ئەشکەنە، ئەحمەدی مستەفا نوێنەری هێرۆ، فەقێ ئەحمەد ناسراوبە (کولەکەڕەق) نوێنەری گوندی بێناسە، حاجی مەلا حسێن نوێنەری هەڵشۆ[1]. بەگوێرەی چەند گێڕانەوەیەك: کاکەمەم ساڵی (١٩٣٥ز[2]) بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی دواشە پۆلی پەتای (تاعون) لەگوندەکەدا، کۆچیدوایکرد.

١. عبدالله احمد رسوڵ پشدەری: یادداشتەکانم، بەشی یەکەم، (بەغدا، ١٩٩٢)، ل١٥.

٢. دەگوترێت: کاکەمەم پێشنیوەڕۆو مەحمودی کوڕی دوانیوەڕۆی هەمانڕۆژ کۆچیدواییانکرد.

# کتێبی مێژووی گوندی باوزێ و بەرەباب و بنەماڵەکانی
# نووسین و ئامادەکردنی : عومەر ئیسماعیل مارف
# لەئایندەیەکی نزیکدا چاپ و بڵاودەکرێتەوە

کتێبەکە توێژینەوەیەکی مەیدانیە، پێکهاتووە لە (٤٥٠) لاپەرەی قەبارە (A5)، دوو بەشی سەرەکی و چەند باس و تەوەرێک لەخۆدەگرێت. بەشی یەکەم: تایبەتکراوە بۆ مێژووی گوندەکە لەسەدەکانی بەرلەزایین هەتا ساڵی (٢٠٢٠ز). بەشی دووەم: تایبەتە بەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی باوزێ، کە لە (٥) باس و چەند تەوەرێک پێکدێت. لەباسی یەکەمدا: کورتەپێناسەیەکی هۆزی نورەدینی کراوە، لەتەوەری یەکەمدا: تیرەی کورەبەسی، کە لەئێستادا پێکدێن لە (٦) بەرەباب، ئاماژەی بۆکراوە. تەوەری دووەم: تیرەی خاڵ ئاڵلایی، پێکدێت لە (٤) بەرەباب. تەوەری سێیەم: تیرەی کارەسوڵی، کە لە (٣) بەرەبابی سەرەکی پێکدێن. تەوەری چوارەم: تیرەی شێخەی بۆران لە (٣) بەرەباب پێکدێت. لەتەوەری پێنجەمیشدا: بەرەبابەکانی دیکە، کە لەڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیەوە سەربە هیچ تیرەیەکی دیاریکراونین، ئاماژەیان بۆکراوەو ژمارەیان (١٦) بەرەباب و (٤) بنەماڵەیە. باسی دووەم: هۆزی ترکەڕەشی و تیرەی گێچەڵی، کە (٣) بەرەبابیان دانیشتووی گوندەکەن، ئاماژەی بۆکراوە. باسی سێیەم: تایبەتەبە هۆزی میراودەلی، کە بەشێک لەبەرەبابی وسواغایی لەڕابردودا لە باوزێ نیشتەجێبوون. باسی چوارەم: تایبەتە بەهۆزی سەکر، تەنها بەرەبابێکیان نیشتەجێی گوندەکەیە. باسی پێنجەمیش: تایبەتە بەبەرەبابی ئەحمەدی بابەکری لەهۆزی نیگاران.

